# Arco

زاراوە ی(Arco)یەکێکە لە زاراوە ئیتاڵییەکان ، ئەم زاراوەیە زاراوەیەکی تایبەتە بە تەکنیک و جۆری ژەنینی موزیکیی وە بەتەنهاش تایبەتە بە ئەو ئنسترومێنتە موزیکییانەی کە ژێدارن و بە هۆی کەوانەوە دەژەنرێن ، بۆ نمونە ئنسترومێنتە موزیکییەکانی وەک ( ڤایۆلین ، ڤیۆلا ، چەلۆ ، کۆنتەرباس ) . دیارە کە ئەم ئنسترومێنتە موزیکییانە زۆربەی کات بە ( کەوان ) میلۆدی وئاوازەکانی پێ دەژەنرێن ، وە هەندێک جاریش کەوان بەکارنایەت و بە پەنجە ئاوازەکان دەژەنرێن ، بۆیە بۆ جیاکردنەوەی ئەم جۆرانەی تەکنیکی ژەنین لەم ئنسترومێنتە موزیکییانەدا هەر جۆرە تەکنیکەو زاراوەی تایبەت بە خۆی بۆ دەنووسرێت لە ناوەرۆکی نۆتە موزیکییەکاندا . زاراوە ی(Arco) لە زمانی کوردیدا بە واتای ( بەکەوان ) دێت ، واتا ئەو نۆتانەی کە ئەم زاراوەیەی لەسەر نوسرابێت ئەوا میلۆدی و ئاوازەکانی بەهۆی ( کەوان ) ەوە دەژەنرێن .

Muzic-Chrakan
2005